

# ئەزازیل

شاهین نەجەفی

لە فارسییەوە: سەلیم جەمال

didimn
DidiMn.com

# ئەزازیل

شاهین نەجەفی

لە فارسییەوە :سەلیم جەمال

تایبەت بە پەڕاوی شاهین نەجەفی لە ماڵپەڕی کلتووریی دیدی من

سەرپەرشتیاری پەڕاو :ساڤان عەبدولڕەحمان

''ئەزازیل ''وەک خۆم غەمگین، لادێیی، توورە و مەغروورە .بە لەهجەیەک لە بۆنی دایکم؛ کە هەر لە منداڵییەوە منی بەو ناوە بانگدەکرد.

شاهین نەجەفی

didimn
DidiMn.com

## پێشەکی

من دواییینیان بووم

باوکم منی چاند و دایکیشم درەخت بوو کە دڕکی دا،

پازدە ساڵی تەمەنم قورئان بەفیڕۆی دا و

شیعریش بێ ئەوەی کە سەری لێ دەرکەم، بوو بە پەتای گیانم .

شیعر دەرکەوتەی بێهێزیی من بوو

سەین و بەینی بێتوانایی و هەستیاری

"سیزیف لە ئەنزەلییەوە"

ساڵەها شاعیرێکی تێکشکاو لە غەریبیدا،

بەدەم چاوەڕوانیی پەلکێشبوونەوە بووم

ڕۆژەکان شەو بوون و هیوا بنمیچی کونتێکراوی ماڵەوە بوو،

شیعریش دوا پەناگە .

لە بیست ساڵی، خوام سەر بڕی لە شیعرمدا

تاوەکو هیی من بێت

تا لە شادەماری ملم نزیکتر بێت

ئەوسا ئەوم لە پەیکەرگەلێکدا تاقی کردەوە

ئەو کە پەنهان و زووڕاکەرە و لە ڕاکردن لە خود، کەوتمە داو .

خودا کە بۆنی ژنی لێ دەهات و ژن کە وێنای دایک بوو لە پووچکردنەوەی پەیڤەکان،

ژن کە وجوودی ئەمن و ئەمنیەتی وجوود بوو

ژن کە لە ناو جلوبەرگی خوشکەکانم دەبوو بە بووک

"*سەرەتا پەیڤ بوو، پەیڤیش بوو بە خودا"

didimn
DidiMn.com

وشە دەزێت و لەگەڵی هەناسە دەدەم و لە ناویدا دەمرم

خوا هەناسە بوو و دوا بە دوای چرکەسات و بگرە وێوەتریش

ڕەهابوون لێی شک نەدەبرا، بەڵام تێپەڕین لێی، با !

خودا داهاتوویەکە لە بەرەو دواهاتنەوە

پیرەپیاوێکی چەفتوچڵ

بە عەبایەک لە پێستی گورگ و تفەنگێک لەسەر شان،

هەنووکەیش جاربەجار ژنێکە لە شیعرمدا

وەکو چاوەکانی دایکم

کچێک کە خۆشم دەوێت.

ئاژەڵێکی ڕەسەن لە جەستەمدا کە بە دەوری غەریبیی خۆمدا دەخولێمەوە

تا بەش بە بەشی هەناوی غەریزەم ببن بە ملکەچی فەتوای عەشق .

هەندێک جاریش وەها بچووک کە نایناسمەوە،

خۆی خاوەن داهاتووە و منیش بەدەم داڕشتنەوەی ڕابردوو،

بە دوای نیشانەکانیدا وێڵم و لە یادگەی ئایندەدا وێنای دەکەم .

" موتوا قبل أن تموتوا "

شیعر لە گەرووی تواوە و زامدارم،

خەتا لە ئاوەز نییە و بەسەر کۆڵی هەستەکانم

زارۆیەکی بەساڵاچوو جێگیر بووە

ددانی لە پاشکەسەرمدا گیر کردووە،

خوێنم دەمژێت و شاگەشکە لە قاقای پێکەنین

موچرک دەیگرێت و بە شادمانی دەمرم و دەگەڕێمەوە،

didimn
DidiMn.com

هەر ئەو بوو بوێریی پێ بەخشیم

تاوەکو ڕەشنووسەکانم دەگەڵ یەکێکی تر بەش بکەم .

هەر جاریش لە ڕێی ڕوخسارەکانەوە دەتخوێندەوە

کە کام وشە پڕیشکێکە بەسەر ڕووخساری گوێگرم و …

لەگەڵیدا جووت بوەشێنێت،

من هەر ئەوەم کە لە کەنار دەریا پەردەم هەڵدەدایەوە و ژنەکانم دەدیت .

گوێگرەکەم بە ڕووتی لە بەرانبەرم ڕادەوەستێت و چاوەکانی کە بە تێربوون دەگەن،

ئایەتەکانی* ئەزازیل و جەژنی نەمریی پەیڤەکان و واوەیلا …

چنگ لە چنگ دەنێم و دەنووسم و بایش لە لێوارەکان دەمرفێنێت و

هەمدیس بە کەناراوەکانی دەریا دەمدووریێتەوە

شیعر پەناگەی ئەوە .

ئەو منداڵە کە یەکێکی دیکەیانە و هێشتانێکە خواردن دەدزێت و دەبێتە گورگ،

لە خەڵوەتتدا هیچ کەس نەماوە تا لەگەڵ تۆ بداتە بەر پڕمەی گریان؟

لە نینۆکی دەستی ڕاستی لای چەپت پەڵەی هاروهاج بزە دەکەن،

لەگەن مەگەر لە شێوەی دانیشتنی تۆ نەیدەزانی، کە شکاو لە جێی خۆی هەڵنەستاوە؟ !

قامکی ئەنگوستیلە دەپرژێتە ناو قورگ و دەبێتە ماسی و لە ئێسکی ناو گەروودا،

هەناسەئاسا ڕادەکات و دەبێت بە ئاواز .

من دوایینیان بووم

شکستخواردووی ئیرادەیەکی تر کە منی چاند و نە زەوییەکەی بۆ من بوو و

didimn
DidiMn.com

نە ڕۆحی سەرگەردانی کۆڵانە خاکییەکانی، هەروەها نە شێتە ناسراوەکانی شار و سێبەری

ئەسپە ڕەهایەکانی گەڕەک و سۆزانییەکانی دیار و  شاناز و مەهناز و* مینای بوولواری ئیمام

مینای پانتۆڵی بێ زنجیر و ساز و قەراغ دەریا و سووتانەکەی

ئای لە دەستی تۆ .

کە عەشق وەکو کچێکی دواناوەندی بە فیزێکی بڵندی نیوەڕۆیان

لە بەردەم ماتۆڕسوارانی چاوەڕوان

سەمای خەنجەرلەخۆدان لە ناو گەڕەکە پیسوپۆخڵەکانی

کەللەپیاوانی دەبەنگی نێو کەمین.

عەشق مینی پاسی ماچوموچەکانی ئاشکرا و

کارکردنی لە قەراغ دەریا و لاقونی کچەکانی ڕەشتی و تارانی،

عەشق پێکەنینی دەشتەکی و دڵ دزێکی* تێستۆستێرۆن و خاوەن بازوویەکی گەورە و

جووتڕانی شەرمن.

ئای من کە عاشقی ئاشی فاتیمەی زەهرا و کچانی کەیفخۆش لە شەوی کوشتن،

عاشقی جادەکان و شەو و ئارەقەی هەوێنکراوی ناچاري

سەگ سمبێڵێکی ڕاوچیی ڕەشماڵنشین .

ئاسوودە بووم و چاوم دەبڕییە هەورە لێڵەکان،

بۆ گەڕان بە دوای مانایەک

تا کەمێک زیاتر بە زیندوویی بمێنمەوە .

didimn
DidiMn.com

قاوەخانە تاریکەکانی تەقسیمی تورکیا و پیریژن و پۆلیسە مشەخۆرەکانی بەرتیلوەرگر،

من خەڵکی ناشوێن بووم

تەواوی بوونم شوناسێکی ساختە تاوەکو باڵ بگرم

مەسەلەکە داهاتوو بوو، داهاتوویش من بووم

قبووڵکردنی هاوکێشەی پەرەسەندنی ددانی مار،

توێکڵ فڕێدانی ئازارهێن و شەهوەت بۆ کەسێک کە بە دوای داهاتووتەوە ئاو دەپرژێنێت.

کەسێک بەرەو پیری من نەهات

لێ بۆ پشتتێکردنم چەندین چاوی بێتاوان

لە چاڵیان دەڕوانی و هەر شەو بە هۆیانەوە دەترازام و هەڵدەهاتم

ترس و تۆقین وەک بڵێی* ژێ سێ بوو لە ژێر چرپاکەم، تا بە هۆی ترسی* مەنجیل

لە ناو بوومەلەرزەدا، برایەک بم لە ژێر کاوڵگەی هاوڕێیەکانی .

شیعر ئەگەر دەوی هەبوایە، ئێمەی هەڵدەدڕی و خوێن فیچقەی دەکرد.

بیرەوەری نییە ئیتر ئەمە،

هەراوزەنای  دێرە کرچوکۆڵەکانی خەیاڵ و خەونەکانە لە خەراباتی ڕابردوودا،

تاوەکو داهاتوو کوێر نەبێت

تاکو بمخوێنیتەوە

تا من بتخوێنمەوە

تاوەکو خەو بیبات، بخوێنم و بە ئاگاییەوە بمرم .

*سەرەتا پەیڤ بوو، پەیڤیش بوو بە خودا :ئاماژە یاخود کینایەیە بۆ بەشی سەرەتای ئینجیلی یوحەنا.

didimn
DidiMn.com

*ئەزازیل :نازناوی ئیبلیسە) عیزازیل .(بەڵام لێرەدا بە مانای منداڵێکی زۆر شەیتان و هاروهاج دێت، کە خودی شاعیر لە منداڵییەوە بەو ناوە بانگ کراوە لە لایەن دایکییەوە .

*بوولواری ئیمام :ناوی گەڕەکێکە لە ئێران.

*تێستۆستێرۆن :ئەو هۆرمۆنەیە کە حەزی سێکسی لە نێرینەدا دەجووڵێنێت .

*ژێ سێ :جۆرە چەکێکی ئەڵمانیە بە ناوی .G-3

*مەنجیل :ناوی ناوچەیەکە کە دەکەوێتە پارێزگای گەیلان لە ڕۆژهەلاتی کوردستان .

**شیعری یەکەم**

**گەڕەکی ئاژاوە**

من نیشتەجێی گەڕەکی ئاژاوەم

لەوێ کە ژنان چارۆک بە ناوقەدیانەوە گرێ دەدا و

منداڵەکانمان لە ناو قوڕدا دەخەوتن و بۆقیان ڕاو دەکرد،

حسێنیش کە هاوێنان خانووەکەی لەگەڵ خوشکەکەی بە کرێ دەدایەوە .

من تابلێی ماری زۆرم سەر بڕین، خەمەگرووی قەبە و سەوزیش،

مێرووڵەکانیشم کە گڕ تێبەردەدان و ئەوەندە میوەم لە ماڵەکان دەدزی،

تاوەکو منداڵیمان ئیسحاڵ ببێت .

بەختەوەری بنێشتی دزی بوو

لەفە بە پارەی دزی بوو

دزی ژیان بوو

didimn
DidiMn.com

ژیان ڕاکردن بوو

*دراکولایش هاوگەڕەکمان بوو

بە ڕوخسارێکی سووتاو و پەنجا کیلۆ کێشی بزر

لە ناو جلی سرنجەکانی هاوبەش و دەستەکانی کونتێبوو بە هۆی خەفەتی نەبوونییەوە !

ئەو کە جگەرەی پێ دەدایـن و هەر لەوێ لە قەراغ دەریا

لە پاڵ پاپۆڕە ڕووسییە تێکشکاوەکە، گڕی لە جەستەی خۆی بەردا تاوەکو نەبێتە دز .

من نیشتەجێی گەڕەکی ئاژاوەم

لەوێ کە ڕیزە دووروودرێژەکانی نەوت ماڕێک بوو بە تەنیا و شەرمەزار

سەڕەکانی تاڵی شەکر، فەرزادیش کە مەیفرۆش بوو و

ئەوەندە بۆ زیندان ڕۆیشت، کە هەر لەوێ دامەزرا !

ئەی ڕاوچی لە مەیدا ماسی بگرە

دوعای دەکرد …

دەریا سەرخۆش نەبێت ئەمشەو

دەریای تووڕە و میهرەبان

دەریای باوک

دەریای* خاڤیاری بێ باوک

دەریای بێباوکەکانی بە گوللەپێکراو بە هۆی خاڤیار و پاسەوانانی ئازاد و …

بە زۆر نییە خۆ، بە زۆرە ئەی بێ باوک؟ !

ئەو کە زۆرێک لە ئێمەی کوشت و بگرە تەواوی خوشک و برایەکانیشم

تەنانەت منیش کە خۆشم دەویست و لێی دەترسام

منێک کە شیعرم بۆی دەهۆنییەوە،

تاوەکو مەسعود بکوژی؟

ئەو مەسعودەی بەرەبەیان دەیدا لە ئاو و شەویش بە ئاگر دەریایەکەی گەرم دەکرد؟

ئەوەی کە* کەپووری نیگاکەی وەکو لاسمتیی کیژانی لێو ناسکی شومال و

لووربوونەوەی بۆ ناو هەڵماوی باوەش و نۆشین بوو؟

سازەکانیشی لە نۆتە دەرچوو و فەلافل و فەریبورزەکانی چەند قامکی،

جادەی* قائم علیه السلام .

گیتارەکەم بوو بە دوو ساڵ

بە* ئاکۆردگەلێک لە لەهجەی دایکم

ئەو دەمەیش کە مەریەم لە کۆڵانەکان بە دوامدا دەگەڕا

دڵخۆشییەکەی هیوابڕ بوو، چونکە پێدەچێ سبەینێ بەسەر* جۆلجۆتا بم،

مەریەم کە چەند ئایەتێکی لە بەر بوو و لە جەنگدا بە گوێی برایەکەم دەیچرپاند .

ئای مەهدی بەو لووتە شێوە هەڵۆییە و سمێڵی پڕ و میهرەبانت،

پریشک لە ناو دەماریدا ڕێ دەکات، مەهدی ڕەزای بەزۆک !

سینەلەپێش

سەوزیی چاوەکانی تیشکی قەناسن و

خودا دەزانێت ئەم دەستانە چەندین بەعسیی سەر بڕیون .

پێمان بڵێ مەهدی؟

بڵێ چۆن بوویتە شەهیدی زیندوو، کە بەرگە بگری فیچقەی خوێنی هاوڕێیەکەت،

بە تایبەتی ئەو هاوڕێیەی کە خوازبێنیی خوشکیشت بێت،

کە مشت لە کەرامەتی بدەی؟

مشتیشی لێ بدەیت و ئەویش دان بە خۆیدا بگرێت،

didimn
DidiMn.com

تا هەر لە پاڵ تۆ لە بەرەی شەڕدا بمرێت .

سەر کەوتە ژێر پێت

ئەو چاوە ڕۆشن و بەپەرۆشانە

چاوەکانی ڕەزای مورادی ...

من نیشتەجێی گەڕەکی ئاژاوەم

هەر ئەوەندە مەلەوانی دەزانم کە تەنها خۆم ڕزگار بکەم .

هەر ئەو منی فڕێ دایە ناو ئاوەکە

مامە عەباس

پێدەچوو دوو مەتر بێت

بە شانوملی پۆلایین و جووت دەستی قووڵ

لەگەڵ ئاو زینای دەکرد و ژنەکانیشی تێرئاو ...

لێوەکانیشی وەکو شەویلگەی ئاژەڵانی تۆقێنەر

بە ئاودا دەیکێشا، وەها پێیدا دەکێشا چون هەور لە ئاسمان

دەرخەری شکستی دەریا بوو

عەباسی تامەزرۆی ژنانی تارانی

عەباسی هەمیشە دەست پڕ لە شتومەک

عەباسی غەواسی دڵی دەریا

کەپسوولەکانت بەتاڵن عەباس

بە لایەکی گەروویدا، پەلەقاژەی بوو عەباس

دەستێک نەبوو، ئەگەر هەبووە بۆ ئەو دوو دەستی ڕووشاو بوون

عەباس

عەباس

didimn
DidiMn.com

عەباس

کە ڕۆحی بە بەردا نەما و ئەوەندە ئاوی خواردەوە تا مرد .

*دراکولا :ئەفسانەی دراکولا یاخود خوێنمژ، کە لە کتێبی دراکولادا باسی لێوە کراوە .

*کەپوور :جۆرێکە لە ماسی کە شیاوە بۆ خواردن، لە ناوچەی گەیلان و مازەندەران ڕاو دەکرێت .

*قائم علیه السلام :نازناوی ئیمامی دوازدەیەمی شیعەکانە، کە بە ئیمامی سەردەم دەیشوبهێنن .

*جۆلجۆتا :گۆلگۆتا، خاچگە، ناوی ئەو گردەیە کە ڕۆمییەکان عیسای مەسیحیان لەوێ لە خاچ دا .

*خاڤیار :کاڤیار، گەرا و توخمی سەگ ماسی، کە نرخەکەیان بەرزە .

didimn
DidiMn.com

**شیعری دووەم**

**من کوڕی پۆلیسێکی مردووم**

پیاو مرد

ژن لە دایک بوو

ون بوو .

دایکم لە خەودا بەرماڵەکەی سووتاند

خانووەکەمان هاوبەش بوو

لەوبەری حەوشەکە منداڵەکانی خانەخوێ تۆپێکی ئەسڵیان هەبوو،

من لە ژێر درەختی هەنجیرە پیرەکەی حەوشەی ماڵەکەمان، چەقۆیەکم ناشت

تا بەڵکو ڕۆژێک گەورە بم

خانەخوێیەکەی پێ بکوژم

فەرمانبەری کارەبا بکوژم

پۆلیسەکە بکوژم

خوشکەکەم بکوژم کە هێندە ئیش نەکات،

تا چیدی بە دەستی برایەکەم لێدانی بەرنەکەوێت .

تاوەکو ئەمیر بکوژم و میراتگری پایسکلەکەی خۆم بم !

من زارۆی کەللەپیاوێکی مردووم

کە لە ژێر پێیەکانیان ڕاوەستابووم

بنمیچەکە کون بوو

خوا فرمێسکی بۆمان ڕشت،

دایکم بەرەو حەوشەکە ڕۆیشت و چارۆکەکەی لە کەنار چەقۆیەکەی من ناشت،

didimn
DidiMn.com

بەقاڵی گەڕەک مرد

منیش چەندە خۆشحاڵ بووم .

پەنیری بەرەبەیانمان تامی بنهەنگڵیان لیَ دەهات

پەنیری تەوریز سەد تمەن، قەرز !

لەفەی قوتابخانە بە نەزمێکی زاڵ و دادپەروەرییەکی موتڵەق بوو

ئەوەی کە نەیبا دەبیَ بیدزیایە .

محەمەد کوڕی مامۆستا

نۆژاد کوڕی کرێکارەکە

دەیگوت ئەوەندە دارکاریی دەکات، تا خوێن دەربدات .

من کوڕی پۆلیسێکی مردووم و تەنها شازدە ساڵ تەمەنمە کاکە !

بەڕێوەبەرەکەمان ڕاوکەر بوو

هەر تەواو بەم ناوە،

بە دوو دەستی پانوپۆڕ و دوو چاو لە چەشنی یەزید

ئەوەندە بەرز کە دەستەکانی بە ڕوخسارم نەدەگەیشت .

پیێم وت کاکە چاوەڕیَ بکە تا گەورە بم

پێکەنیی

دیسان تێیسرەواند

منیش پێکەنینم هەڵوەری

ئەو پیێ وابوو کە دەگرییێم،

بە بچووکی مامەوە تا ئارام بگرێت،

هێندە لێمی دا تا سووک بووەوە .

didimn
DidiMn.com

من وەچەی پۆلیسێکی مردووم

کە دەیویست زوو گەورە ببێت،

تا چیدیکە دایکم نەداتە بەر پرمەی گریان و

بەسەرمدا نەقیژێنێت؛ ئەی خوایە ئەم منالە منی کوشت !

چما

چما

چما

من کە مندالم دایە گیان

من خۆ نازانم خانەخوێ چییە؟

بۆچی بەڕێوەبەرەکە هەموو ڕۆژ لێمان دەدات

بۆچی ڕۆن بە قەرزە

پەنیر بە قەرزە

برنج بە قەرزە

پایسکلیش کە هەرگیز نییە .

تۆیش چما هەموو خەونت کابانێتییە و نەک ئازادیی مرۆڤ؟ !

چما تۆ ڕووەکی نییت؟

پێکەنیی

بە چەشنی لەچکە جوانە گوڵگوڵییەکەی

بە هۆی پێکەنینەکانی کە دەبوورامەوە،

لە ناو شەرمیدا وەک بڵێی پێکەنین گوناحێکی گەورەیە و خودا دەیبینێت .

من دەگرییێم

پێدەکەنم و دەگرییێم تا ئێستایش

بڕوا بکە

بڕوا بکە .

کۆرپەکە هەڵسایەوە و دەستەکانی زەوییان گرت،

مەمکەکەت دەگەزێت

ئەمە هاتووە تا پووچەڵ بکاتەوە نەفرەتی هەردوو دنیایەکە !

چاوەکانی هێمای ترسن،

دروشمی بەزین و مژین و هەڵدڕینێک هەر بۆ گەمە

ئەم چاوانە کوێر دەکەن

دوور دەخەنەوە،

مەگەر تۆ زادەی مرۆڤ نییت ئەی بەچکە؟ !

didimn
DidiMn.com

## شیعری سێیەم

## ڕەزا

ڕەزا

ڕەزا

ڕەزا

بە شیعرەوە، کە کێلی گۆڕەکەت بێت

ڕەزا

ڕەزا

ڕەزا

هەڵۆی قووڵی نیگاکەت

ڕەزا

ڕەزا

ڕەزا

هەراوزەنای زەوی و زاری سەر زوانت

ڕەزا

ڕەزا

ڕەزا

کە سێبەرێکی کەسەرهێن لە فرمێسکەکانی سەهۆڵبەندە

ڕەزا

ڕەزا

ڕەزا

شەستیری مەزڵوومی زمانزبری بێڕەحم و ئاشکرا و سەیرت

didimn
DidiMn.com

ڕەزا

ڕەزا

ڕەزا

ژەهرت دەرخواردام و هۆكاری بوویت

كە بەرەو مەرگ بانگ كراین

ئاخ

ڕەزا

ڕەزا

ڕەزا

ئەو ئەسپە پەلاماردراوانەی ناو دەوی ماسییەكان

ڕەزا

ڕەزا

ڕەزا

دڵۆپەكانی دەنگ لە ناو دڵی تاریكییەكان

ڕەزا

ڕەزا

ڕەزا

ئاخ ڕەزا كە هۆكاری ڕازیبوونی تۆ لەپێناو خەڵق بوو؟ نەبوو؟

بوون و نەبوونی تۆ ئیتر گڵكۆی گۆڕەكانی پاڕانەوە نین

ڕەزا

ڕەزا

ڕەزا

بە تفەنگێكی سكپڕ لە خۆزستان

didimn
DidiMn.com

ڕەزا

ڕەزا

ڕەزا

ڕەزا دەزێت لە تۆ، کە خاک دەبێ بەر بگرێت

لە تۆ کە ئاو، دوور نییە بە لافاو هەستێت

تۆ وەک ئاگر بە ڕۆح و گیانی دنیادا دەوردراوی،

پەلکێش بە ئەی پیاوی ڕۆشنبینی خێڵی ڕەشماڵەکانی غروور .

didimn
DidiMn.com

## شیعری چوارەم

## یا ڕەب

*تبت یدا أبي لهبم بە تب

لە ناو ناوەکانی تۆ

هەر لە دەستپێک لە گڕوتینتدا بسووتێم

هاوارەکانی من

تینوتاو لە کوێی من؟

بترپێم بۆ* حوب و حەب

پەیامەکانی تۆ !

بێ تۆ کەلەشم کە سەروەتی من تۆیت ...ما کسب؟

هەر تنۆک بە تنۆک من چی بکەم

بە هەر تنۆکێک کە پووچ دەبمەوە لە ناو چاوەکانی شەو

تینوتاو لەگەڵ خودای من

لە دەمارم دەدەم عصب

غەم پێکەنینەکانی سوێر

تا بە کەی من دەبێ لەپێناو تۆ بمرم لەناو لهب؟

ئەی رب العالمینی من

ئەی لێوانلێو لەسەر لێوەکانی من

یا لب ..العالمین و ...

یا لە علیه و لە من الظلمات الا الله

یاا‌ا یار

یاررر

didimn
DidiMn.com

یاال یار

بێ ڕێگە دەبێ بۆ کوێ بڕۆم من بەبێ تۆ؟

بە قاقاوە ...بەرەو دواهاتنەوە

ئەی ئاوێنە لە پاشەڕۆژەوە بۆمان بڵێ؛

تەنها دەنگی کپییە و تەرمی منداڵەکان

هۆ کاذب صمد

هۆ غاصب البلد

بە تۆ، ئەی هەر لەپێناو بەدیهاتنی هیچەوە ئیرەییت پێ دەبەم

کڕنووش بۆ تۆ ئەی* هندی جەگەرخواری من

تێسرەواندن مەیسەری مەرگم

گومان بکە و بەبێ گومان لە ڕێگە گوماناوییەکانەوە بڕۆ

من* هەمزە لە ناو زاری تۆم

من سینە بە سینە سەرم

دەبڕم و دەبەم

من دەگەڵ تۆ ڕادەچڵەکێت لە خەونە ناخۆشەکان .

*یا ڕەب :دەتوانین بڵێین شاعیر لەم شیعرەدا زیاتر بە فۆرم و تەکنیکەوە سەرقاڵە، لە دێڕگەلێکیشدا هەندێک لە ئایەتەکانی کتێبی قورئانی بە کار هێناوە .جێگەی ئاماژەیشە کە شاعیر لە منداڵیدا بە خوێندنەوەی قورئان سەرقاڵ بووە.

*تبت یدا أبي لهبم بە تب :سورة المسد ١١١، جزء ٣٠ /تبت یدا أبي لهب وتب .

*هندی جەگەرخۆر :هند، کچی عوتەیبە کوڕی ڕەبیعیە کوڕی عەبد شەمس، هاوسەری ئەبوسەفیان بووە .لە تۆڵەی باوکیدا، حەمزە کوڕی عەبدولموتەڵیب دەکوژێت و جەرگەکەی لە جەستەدا دەردەهێنێت، بۆیە بە هندی جەرگخۆر ناسرابوو .

## شیعری پێنجەم

## پەیڤ

کیژۆڵە تەڕەکانی سەر جادە

بە هەر کەسێ دای

پتر تێی بسرەوێنێت

کە درم تێری نەکردین

گوڵی سووری دەشتەکانی هەڵاوێر و گوماناوی !

ئای لەو پەیڤە بە قوز تەنراوانە

ئای لەو قوزە سەراوژێرانە

ئای لە'' واو''ی وایەکانی ئەو دایکە شێتانە

*واعتصموا بحبل اللا

بە دنیادا نەڕیوە

' معذوق'ی شپرزەو گەمارۆدراو .

زمان لە جڵەوی مندایە و

من لە نێوان تۆ،

ئەی گڕی گوڵشەنی مەمکەکان و تاج و بەخت و بارگەکەم

پێستی دادڕاو و پریشکەکەت،

بە شەتوخواری ڕێ دەکەیت

تێک بشکێنە منارە پیرۆزەکانی خۆت لە جەستەمدا،

بەبێ بیانوو ڕووتبەرەوە لە مزگەوتەکەت تا پەنا بگرم .

ئای لەو ماسییە سوورە جوامێرە

بەژن ناسک و پاکیزە و خاوەن ڕەمز

بە جووت چاوی چەوت و پڕ لە ئاخین،

ئای لەو کچە داوێنپاکانەی میعراج لە عانی تێربوون

ئای لەو کچە داڕماوانەی بەگژیەکداچوو

لە ناو هەر کامیان؟

لەگەڵ هەر کامیان؟

من لە نێو لەوەڕگام .

**شیعری شەشەم**

**کۆرپە**

قین لە قورگەوە بەرەو دەوی زل

بەدەم لۆرینەوە بە پەنهانی دانیشتووە قاچی سووتاوی کۆرپەیەک،

من کون لە شانەکانتدا دەکەمەوە .

بڕیار بوو ئەمشەو بە ڕووتی بمرم

تا پارەی ناشتنی بۆ تۆ بێت

تەنیایی لافاو نییە، شەپازللەیە

ئەو دەمەی وجوودی تۆ وەکو بێگانەیەکی لێ دێت،

گەرەکە فرمێسک بڕێژیت.

هێشتاکێ چاوەکانم خەواڵوون و بۆنی کازیوەیش نەڕۆیشتووە،

شوێنپێی ڕێویەک دیارە و خۆی مەڵاس داوە تا ڕاوم بنێت

ئەو کاتەیش کە ترس و لەرز جەستەم دەخوات ...

من هیچ لە بارەتەوە نازانم

بێجگە لە تەرمێک .

## شیعری حەوتەم

## ئێمە دوو جەستە بووین

ئێمە دوو جەستە بووین

یەکیان کۆتایی پێ هێنا و ئەوی دیان گریا

ئێمە دوو جەستە بووین

یەکیان بوغزی هەتاو و ئەوی دیان بۆنی چیمەن

ئێمە دوو جەستە بووین

لە چڵەکانی وەهم، لە ناو کۆڵانەکانی مانگ

شەرمیش چاوی ڕەشی هەبوون و مرد،

لەگەڵ بەلەمێک کە لە ناو چوارچێوەیەکی شکاو نغرۆ بوو،

بە ناو گوێی دیوار

هۆن، هۆن گریان

کە ژن ئەستوونێکی بڵندە بەسەر شادەماری شار

من، هۆن هۆن شیوەن

لە شاردا درەختەکان زوو پیر دەبن

لە شاردا هەمیشە کەسێک دەمرێت

ئێمە دوو جەستە بووین ...

یەکیان سێ بەن* مەگنا و چایی

ئەوی دیان* دێکسترۆمێتۆرفانی پێ

یەکیان" حیلە"یەک بوو، عاشقی بێدەنگی

لە ناو ژێرزەمینێک کە بەرەبەیانەکان هەتاو تێیدا ئاوا دەبوو،

didimn
DidiMn.com

هەروەها ئەو جنۆکانەی کە ئێمەیان خۆش دەویست و* فرووغیان دەخوێندەوە

دایکێک کە جنێوی بە خوا دەدا و لە مەشهەد ون بوو

ئەو خوشکانەی کە بۆنی گوڵاویان لێ دەهات

سەر بە دەنگ دەهات و هیچ کەسیش نەیدەزانی جنەکان چییان دەوێت .

بۆ لای من وەرە،

دەستی درێژ بوو و لەسەر تەوێڵەکەی دەوێکی دەمبەپێکەنینی هەبوو

فەرهادەکەمان بەم شێوەیە مرد

بە دەنگێکی کپ لە بنمیچەکە

ئێمە دوو جەستە بووین

یەکیان مردوو، ئەوی دیان گریا .

*مەگنا :جۆرێکە لە جۆرەکانی جگەرە .

*دێکسترۆمێتۆرفان :دەرمانێکی دژەپژمین و کۆکەیە .

*فرووغ :فرووغ فەروخزاد، شاعیری ناوداری ئێران .

didimn
DidiMn.com

## شیعری هەشتەم

## ئەمە شیعر نییە!

سەردێڕی ڕۆژنامەیەک؛

دەنگۆی بێهودە، بۆ مەرگی ئاسایی زیندانییەک

کام یەکەیان ڕاست بوو؟

ڕۆژنامەکان بێڕەحمن

واقیعەکان دەسووتێنن

تەنها وشەی" زیندانییەکە " دروست بوو .

تا بێهودەییمان لە بیر نەچێتەوە،

تا بەڵکو ڕۆژێک کە لەشی ڕەفیقەکانیان بە شیعرەکانی برێخت بە خاک بسپێرن،

نەک بە دەنگی خوداوەندانی مەرگ .

زیندان چاڵێکی قووڵە،

تا ئیمامەکانی زەمانمان تێیدا نغرۆ ببن

حیجلەیەکە تا کچەکانی خودا،

چەتەکانی پاکیزە، دوور بخرێنەوە

ئەو سنگانەی کە لە هەمبێز فیشەکەکانەوە خەوتن،

تا سبەی منداڵەکانی تووڕە و تەشەرە

لە پەڕاوێزەکان سەر بەرز بکەنەوە .

کە ئاخۆ لە کوێن دایک و باوکەکانمان

حیکایەت خوانانی سبەی؟ !

didimn
DidiMn.com

*بأی ذنب قتلت؟ !

من زاوایەکم دەناسی

هەر جار کە شیعری دەخوێندەوە

سۆز لە قورگیدا گوللەباران دەکرا …

سۆز کە منداڵەکەی نەزا و مرد .

بەرلەوەی کە بمری، نەمر بە

هیچ کەسێک چاوەڕوانمان نییە

ئەوان بەڵێنێکمان پێ نادەن

ئەوان بەڵێنەکانیان لە برۆکلین،

لە ناو کونەهەڵمییەکانی سەر جادە و لە نێوان بۆنی میزی منداڵانی بنەبان، ڕژاندووە .

لە ئۆکلاند، نمایشی شەوانی پۆلیسە میهرەبانەکانیش و

پیاوە بێگانەکانی کەلەپچەکراو، بە پانتۆڵی فشۆڵ و ڕەها

بە لەهجەی کۆیلەیەک، کە هێشتا دەیەوێت ڕابکات،

کۆیلە ڕەش و سپی و سوورەکان .

تاوەکو مەکسیکییە ترسناکەکان لەسەر خاکی خۆیان بە نایاسایی بمرن…

تا عەرەبەکان بۆمب بهاوێژنە دەریا و هەڵبێن …

فەڵەستین ببێتە قوربانیی تەنیشت خۆی،

سۆماڵیا بسووتێت و هەمیشە لە بیرمان بێت

تەنها دوو ڕێگە دەمێنێتەوە؛

یان لەگەڵ ئەوان

didimn
DidiMn.com

یان لەگەڵ ئەوان !

ئەو ڕێگەیەیش کە من دەیناسم و پەیی پێ دەبەم؛ کەشتییەکە کون بکە !

منیش چەندە ئێوەم خۆش دەوێت کاتێک لە زینداندا دەمرن !

لەشولارتان

ساڵەها پیرتر لە ئاوەزتان

دەمارەکان گرژ

هیوا جگەرەیەکە و دوو لێوی گەزگرتوو لە ئازار،

خۆشم دەوێیت .

مێشک دەنووسێت و چما تۆ پەنجەکانت مشت دەبن؟

تا ببیتە دێڕێک کە ئاخۆ بە ئاسایی مرد؟ !

تەواو ئاسایی؟

وەکو زارۆیەکانی ئەفغانستان؟

بە گوێچکەکانی پڕ لە قورقوشم و گۆگرد و خۆڵ؟

هەر بۆ ئەمەیە شیعر دەنووسم

تا هەر لەم ناوە بمرم

تا لە ناو شیعرمدا یەک کیلۆ گۆشتت بۆ بهێنم،

بە ئێسک و دوونگ و نۆکەوە ...

بە شاراوەییش جلی کوردی لە بەر بکەم و لە سنووری جەستەتدا تێپەڕ ببم.

ئەوەندە تێر کە برسێتی ببێتە چیرۆک،

بە ئاگر و جلە بەبەهاکانی تۆ !

بووکەبەفرینە خنجیلەکەم !

بە گڕوتین و بۆنی پێستە سپییەکەت !

didimn
DidiMn.com

''ئەو پانتۆڵە کورتە لە بەر بکە،

بە هاوڕێیەکانیشت بڵێ بێن ''

نرخی زەعفەران چەند گرانە کە ناکرێ بەسەر برنجە تایلەندییەکەدا بکەم،

تا زیندانییەک کە بێهودە بمرێت و ئیما گۆڵدمانیش لە مافی هاوولاتیبوون بێبەری بکەن

مایاکۆفسکی شێتێک لە کووچەکان

گامێشەکانی ئیسپانیا ...کەوتن .

تا دالی ماچی لێو لە واڵت دیزنی مسۆگەر بکات و خەروار خەروار

چالاکوانی مافی مرۆڤ داکۆکی لە مافی ژنان بکات،

وەکو ئەسپێکی مردوو بەسەر کۆڵی کۆڵبەرەکانەوە، دواییش بکەن ...

*رب اشرح لی صدری

ویسر لی أمری

واحلل عقدة من لسانی

''لە پشت هەر نیشانەیەک، ئەو خود پاڵنەرە،

ئەو پرسە پەنهان و نهێنیئامێزە

فرەچەشنییەک هەڵدەکۆڵێت .

هەر مەسەلەیەک کێردیکە کە فەرمانی' ڕاوەستە 'دەدات،

دابدڕیین

دابدڕێن''.

ئێمەی بەربەرەکانی بێ شارستانیەت، کە هێشتان ڕەشبینانە ئومێدەوارین،

didimn
DidiMn.com

تا بوونمان

کارەکەمان

ژنان و پیاو و منداڵەکانمان لێ وەرگرنەوە

لەگەڵ شارە جوانەکەمانیش بزە بکەن...

ئێمەیش با بزەیەک بکەین،

بەڵکو بە کامەرانی بمرین .

*بأی ذنب قتلت :سورة التكوير، آية .81

didimn
DidiMn.com

**شیعری نۆیەم**

**بێداڵدەکان**

بێداڵدەکان بۆچی لە شەو ناترسێن؟

بۆچی ئەو خاشاکەی کە پووره لە ناو دەستی مەهناز ڕایکێشا،

لە یەک داکێشرا لە چەپەوە بۆ ڕاستی* پەنجگا و بەگا ...

بەگا نەچوو چووە لە خۆی، چما ئێستا لە شەو ناترسێن؟

چما خودا بۆ ڕەحمە دڕاو دڕاوەکەی مەریەم ناگرییێت؟

چما؟

چما؟

چما؟

چما؟ ئەی پەلکێشی موبارەک لە ناو دڵی ئەم هەموو گۆڕەدا ...

چرپەی ڕزگارکەری ئاوەڵا

مانای ڕێزمانی دارماو

مەهنازی پارچە، پارچە، پارچە ...

مەهنازی لە ڕاکردندا ...

اعوذ من الرب النعوظ

شەو لە جادەدا ونە

چما سنگ ڕووتەکانی داوێنپاک

نزا ناکەن؟

بۆچی کەسێک کە لە شەو ناترسێت، نوێژ نایخوێنێتەوە؟

لە ڕەگی مێشکەوە بۆ خەستی ' قاف 'ی ناو گەروو.

didimn
DidiMn.com

*پنجگاه :ئامێرێکی موزیکە لە وڵاتی ئێران.

## شیعری دەیەم

## هەستەوە

ڕەش وەکو دەریا لە یادگەکانی لیڵ و ون .

خڵتەی شەرابی لێبڕاوەی سەرەمەرگ

نەجوا شەیتانییەکەی' با '

بە دوو دەستی بێ دەست لە ناو دەست ...

هەستەوە ئەی ئیرادەی بەزیو

هەستەوە ئەی خاچی مچۆڵەکراو

هەستەوە ئەی زاری ڕووشاو

''کار ''لە دەوی تۆ دادەڕژێت

ئەگەر گەڕەک لە خەو هەستێتەوە،

بەڵام خۆ کەفتیار نابێتە کۆترەباریکە !

قەڵەڕەشەکانی نووسەر و کۆترە گومڕاکانی جەنگ،

کڵاوی سەربازییان کڕیوە !

هەستەوە ئەی ئیرادەی هەڵپێچراو لە ناو بەتانی،

کە لە ناو کڵاوی خودا کپکردنی دەنگەکان، داهێنانێکی بەرجەستە و ئازایانەیە .

تەلیسم نییە ئەمە

هەستەوە ئەی ئیرادەی مەحکوم لە ژوورەوەکەت .

didimn
DidiMn.com

جامەکەی ڕاکێشا و شکا

دایە خۆی هەڵدایە ناو حەوزەکە و

چاوە ڕەشەکانی گەڕەک، بوون بە زەریا

منیش دەزانم

بۆنی چێشت واتا دیسان کەسێکی تر لە گەڕەک مردووە

گەڕەک برسییە

هەستەوە ئەی ئیرادەی دێرین .

didimn
DidiMn.com

## شیعری یازدەیەم

## لەگەڵ پرچەکانم

لەگەڵ پرچەکانم دەچڕێنم

لەگەڵ پرچەکانم دەشکێنم

لەگەڵ پرچەکانم دەگرییێم

لەگەڵ پرچەکانم دەمرم

بە هۆی نێرگزی نیگاکانتان، گوناح چییە؟

لە ناو عەرشی ئەگریجەکانتان، هەیڤ دانیشتووە

لەگەڵ پرچەکان و شیوەنەکان

ئەی ئەو چڵە چەقیوانەی سەر سەکۆ

ئێمە ڕۆژانی شپرزە و تاڵین

ئێمە ڕەنگی سێبەرەکانی پشت دیوارین

ئێوە کە تامی ئازادیین، لە ناو دەوی هەتاو

ئەرکی چاوەکانتان چییە، کە شەو لێیان دەتۆقێت؟

ئەو دوو خۆڕاگرانە، دوو چاڵی پیرۆز

کێیە لە پرچەکانتان سڵەمیوە؟

بە پرچەکانتان تەنراوە تاڵەکانی ڕۆشن و تابان

ڕەها و ڕەها ...

به پرچەکانتان کە گومانی فەلسەفین .

## شیعری دوازدەیەم

## ئەسپ

ئەسپەکانی مەهیک ئەوەندە ڕادەکەن تا خەویان لێ بکەوێت

بە شوێن ئەستێرەدا مەڕۆ لە ئاسمان

تووڕەیی لە گەرووی مانگەوە دەبێتە تێغ

هیچ ئەستێرەیەک بەفری نەبینیوە .

didimn
DidiMn.com

**شیعری سێزدەیەم**

**پەنجا ساڵەکان**

پەنجا ساڵەکانی مایەی بەزەیی، گەلێک تەرمیان بینیوە

پێیەکانی تەزیو، لووتە خوێنتێبەربووەکان، دەوە دادڕاوەکان،

برایەک کە بە کوێری سەرخۆش بوو !

ئەو ژنە دووگیانانەیش کە بەدەم زایینەوەن، بە باشی دەیاننناسێتەوە

پەنجا ساڵە لەڕولاوازەکان بە ئەندامێکی نەزۆک،

لۆچبووەوە لە ناو چرچولۆچی لیچەوە

بە پێستێک بەسەر ڕوخسارێکی تاوانبار

ملکەچی ئەو ساتەی کە بە ئۆرگازم دەگەن .

پشت لە نوێژ دەکات و دەلەرزێت،

دەمارەکانی پڕ لە تۆو

دەیویست بۆ" شکستخواردوو "کۆپلەیک بچڕێت :

*"هەڵسەوە دڵی خۆت لە غەم ڕەهاکە "

پەنجا ساڵە، چاوەکانی ون دەکات

پەنجا ساڵە کە شیعر دەخوێنێتەوە

من بە کۆتایی گەیشتووم

چما کە هەڵناستمەوە

چما کە هەڵناستێت .

*هەڵسەوە دڵی خۆت لە غەم ڕەهاکە :کۆپلەیەکە لە گۆرانیی ئێبی) ئیبراهیم حامدی(،
گۆرانیبیژی فارس .